# ئەوسا سەردەمی زێرینی مستەشارەكان و نەهامەتی خەڵك
# ئێستا سەردەمی زێرینی بەرپرسەكان و نەهامەتی خەڵك

**كەمال ڕەئوف**



ئەوسا ئەگەر بتوێرایە و بوار هەبوایە لەهەر مستەشارێك پرسیارێكی لەوجۆرەت بكردایە. ئەوە بۆ ئەو وەزعە ئاوایە؟ ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو وەڵامەت دەست دەكەوتەوە , كە دەیان ووت: چیتان دەوێت لەوە زیاتر ئەوەنییە هەموو شتێك بەدڵی خۆمانە. خوێندنەوەی ئەوان وەك تەواوی شتەكانی تریان بەتەواوی جیاواز بوو لە تێڕوانینی سەرجەم خەڵك , ئەوان هەر وەك ئەوەی چۆن ماڵ و ژیانیان تەواو جیاواز بوو لە خەڵك, ئاواش لێكدانەوەیان بۆهەرشتێ جیاوازو نێوانی ئەوان و خەڵك ئاسمان و زەوی بوو, ئەوسا لە هەر گەڕەكێك خانوویەكی پان پۆر و باڵا بەرزو قەشەنگ نیگای بۆلای خۆی ڕاكێشایتایە , ئەوا بێ گومان ئەوان خاوەنی بوون, هەر بازرگانیەكی پڕ قازانج لەبازاردا سەری هەڵبدایە (جگە لە موچە زۆرو زەبەندەكەیان) ئەوا بێ شك ئەوانی لەپشتەوە بوون, هەر سەیارەیەكی جوانی مودێل بەرز بەسەر شەقامەكاندا ڕێی بكردایە ئەوا بێ گومان ئەوانی لەناودابوون.

ئێستاش ئەگەر بتوانی دەمت بگاتە هەر بەرپرسێك و پرسیارێكی لەو جۆرەی سەرەوەی لێ بكەیت , ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو وەڵامەت دەست دەكەوێتەوە كە دەڵێ: چیتان دەوێت لەوە زیاتر ئەوەنییە هەموو شتێك بە خواست و بەدڵی خۆمان دەچێت بەڕێوە. ئاخر ئێستا ئەوان لەناو باشترین و جوانترین خانووی شاردا دەژین , ناسكترین و گرانبەهاترین سەیارەی مودێل بەرز دەهاوێژن , بازاڕو بازرگانی كردن وكۆمپانیاكان (جگە لە موچەی زۆرو زەبەند بەدۆلار) ئەوا بەبێ ئەوان ناتوانێت بچێت بەڕێوە. من دەزانم ئێستا هەندێك كەس دەرهەق بەم بەراوردكرنە دەڵێن: ئەوە ناهەقیە ئەگەر بەراوردی مستەشارەكانی ئەوساو بەرپرسەكانی ئێستا بكەین بەیەك. ڕاستە ئەوان لەبەرەی دوژمنەوە هاتن و خۆسەپێن وخەڵكانێكی بودڵە, ئەمان لەناو شۆڕشەوە هاتن دەنگمان پێدان چونكە تامی تاڵ و سوێری خەباتیان كردبوو, ئەوان نەخوێنەوارو عەشایەرو بێ هەڵوێست سەنگەریان لەپاڵ داپڵۆسێنەرو داگیركەر, ئەمان زۆرینەیان خوێنەوارو خاوەنی دیدو فكرو هەڵوێست سەنگەریان لەپاڵ بەرەی ئازادی و رزگاری, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تۆناتوانیت چاو نەكەیت لەو ئاكامەی كە ئێستا لە پەراوێزی دەسەڵاتدارێتی ئەواندا هەیە , تۆناتوانیت چاوی خۆت لەو ژیانە كولەمەرگییەی خەڵك بنوقێنیت كە ئێستا بەپرسەكان لێ بەرپرسن,مرۆڤ مەگەر لاژگ و گێژ بێت ئەگەر چاوی ئەو جیاوازیانە نەبینێتەوە كە ئێستا لەنێوان ژیانی بەرپرسەكان و زۆرینەی خەڵكدا هەیە, مرۆڤ مەگەر خاوەن زاكیرەیەكی لاواز بێت ئەگەر ئەوەی لەبیر چوبێتەوە كەئەوسا بەهاوئاهەنگی وهاوكاری موستەشارەكان كۆكوژی دەكرا, ڕاوی گەنجانی یاخی دەكرا , ژیان بۆنی خوێنی لێدەهات و ترس ودڵە ڕاوكێ میوانی هەمیشەیی هەمووكەسێ بوو, لەبندەستی ئەوانەوە گازی كیمیائی بەسەر خەڵكی مەدەندیدا كرا. ئێستاش مرۆڤ مەگەر هۆشی بەتەواوی لەدەست دابێ ئەگەر ئەوەنەبینێتەوە كە لە هەناوی گەندەڵی بەرپرسەكانەوە كۆڕەوی لاواوەكان بۆ هەندەران دەكرێ,دەنگی جیاواز لەخۆیان كپ دەكرێ و بێ ئومێدی میوانی هەموو خێزانێكە ولەبن هەنگڵی پاشاگەردانی وئەواندا سەرباری نەبوونی وگرانی ئاوی پیس و میكرۆباوی دەرخواردی خەڵك دەدرێ. مرۆڤ مەگەر خاوەن دڵ و دەرونێكی ئاسنین بێت ئەگەر هەواڵی پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی شارێك قرچە لەدڵی هەڵنەسێنی. ئەوسا مستەشارەكان دوای هەر كارێكی دزێویان لە پایتەخت باقە پارەیان لەباخەڵی خۆیان دەناو دەست لەپشتیان دەدرا و لەمیدیاكانی ئەوكاتەدا دەردەكەوتن و ستایش دەكران. ئێستاش دوای دەركەوتنی هەر گەندەڵی وفەسادیەك بەرپرسەكان بەرزتر لەجاران باڵەخانە و خانوو دروست دەكەن و زیاتر بەشوێن تازەترین فەنتازیای ژیاندا دەگەڕێن, ئاخۆ دەبێت ئیتر مرۆڤی ئێمە چەند دڵشكاو بێ هیوابێت كاتێك دەبینێت لەسادەترین پێویستیەكانی ژیان مەحروم دەكرێ, كاتێك دەبینێت, ماڵە بەرپرسێك بەكارتۆن ئاوی مەعدەنی دەنۆشێ و ئەویش هێشتا بەتەواوەتی دەستیان ناگات بەئاوی میكرۆباویی بەلوعەكە, مرۆڤ ئیتر چۆن نائومێدو دڵشكاو نابێت كاتێك دەبینێتەوە جیاوازی مستەشارەكانی ئەوساو بەرپرسە (شۆڕشگێڕەكانی) ئێستا هەر ئەوەندەیە كەئەوان بەعس هێنانی و خۆسەپێن و گەنە خۆر, ئەمانیش خۆمان هێنامانن ودەنگمان بۆدان و مشەخۆر.